# مادەی 55 ی دەستووری هەرێمی کوردستان و
# خەونە پاشەڕۆژیەکانی لاوان

**هەورامان علی تۆفیق**
Berzi-san@web.de

لاو بەشێکی گرنگ و بەرچاوی هەر کۆمەڵگایەکە و هەمیشە دەتوانرێ ئەو کۆمەڵگایە لەرێگای لاوانەوە وەک پێوەرێک بۆ بەدیارخستنی شارستانیەت و پێشکەوتن و ووشیاری و ئاستە ڕۆشنبیریەکانی ببینرێت ..

کۆمەڵگای کوردەواریش هەمیشە لەوڕۆژە سەخت و ڕۆژگارانەیدا کە ئەم بەشە گرنگ و چالاک و لەخۆنەویستەی گیان لەسەردەست بۆ هەموو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی ئامادەببوە و قارەمانیەتی ئەو پێشمەرگەو لاوە ڕۆشبیرانەی کە بەردەوام دژ بە ڕژێمە داگیرکەرو دیکتاتۆریەکان چەنگاون .. لاویش لێرە هەردوو ڕەگەزی کوڕان و کچان دەگرێتەوە .

ناتوانین بڵێن لاوان چینێکن لە کۆمەڵگا چونکە زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا لەلاوان پێک دێن و لاوان بەشێکی گرنگ و بەرچاون و بناغەیەکی بنەڕەتین بۆ دروست بوونی کۆمەڵگا.. کەواتە گرنگی دان بەلاوان و پەروەردەکردنیان و هەوڵ دان بۆ فەرامۆش نەکردنیان و دابین کردنی پێداویستی و خواست و هیواکانیان و دروست کردنی زەمینەی لەبار بۆ دارشتن و دابین کردنی بەرنامەو پلان بۆ ئایندە. تا وڵات بەرەو ڕوناکی و پێشکەوتن و برەوسەندن لە زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و ئاسودەیی بەو شێوەی کە کۆمەڵگایەکی مەدەنی مۆدێرن بنیادبنرێ و لەو پێیەوە هەنگاوەکانی داهاتوو بنێین .

ڕەنگە دەستوری هەرێمی کوردستان و ئەو ڕەشنووسەی لەبەردەست دایە و ئەو ماددەی کە تایبەت بووە بەلاوان . ئەگەر لەڕاستی دا باس لەوە بکەین لاوان پێویستیان بەوە هەیە لە دەستووردا باس بکرێن یان ماددەی یاسایی هەبێت بۆ زامن کردنی مافەکانیان و دابین کردنی پێداویستی و خواستەکانیان , بەم پێیە دەڵێم ئەگەر کۆمەڵگایەک لە بنەڕەت دا ئەم شێوە گرفتانەی نەبێت و لاو وەک کەسایەتیەکی بنەڕەتی مافەکانی دابین کرابن و لەپێداویستی و داواکاری کەموکوڕی نەبێت ئەوە پێویست بە یاساو ماددەی دەستووری ناکات .. بەڵام بەدڵنیایی ئەمە لەووڵاتێکی وەک ئێمەدا کارێکی مەحاڵە لەم ئان ساتانەی ئێستەماندا چونکە گرفت و کێشەکانمان لە زۆر لای ترەوە لە گرفتی لاوان خۆیان بەهێزترکردووە کە زۆرجار دەبنە گرفتی چارەنووس ساز, کە لاوان دەبنە ئاڵاهەڵگری ئەو پەیامانە و لەو پێناوەدا خواستەکانی خۆیان دەخەنەلاوە .. لاوی کورد هەموو کات مۆمێکی سوتاو بووە لەپێناو کێشە ڕەواکەماندا و بەهۆی شەرو شۆڕشەکانەوە لاوییەتی و ژیانی گەنجیەتی وەک کەسایەتیەک کەمافی خۆیەتی لەم ژیانەدا بەو شێوەیەی کە لاو دەبێ ژی ژیابێت .

کەواتە چی بکەین بۆ لاوان باشە ..؟ ئەو چەند خاڵەی کە لەدەستووردا هاتووە خواست و هیواکانی لاوان مسەوگەر دەکەن ..؟ لاوان لەو گرفت و کێشەو تەنیایی و نامۆبوونە ڕزگاردەکات ..؟ باری دەروونی لاوان بەرەو باشە دەبات و ژیانێکی ئارام و ئاسودە بۆ لاوان دەستەبەردەکات ..؟ بنەما سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵاتی و پەروەردەیی و ئابوریەکانی کۆمەڵگا بە تواناو هێزو لێهاتووی لاوان پڕدەکرێنەوە..؟ ئەمانەوە زۆر پرسیاری دی خۆیان ڕاست دەکەنەوەو چاوەڕوانی وەڵامن یان چاوەڕوانی جێ بەجێ بوونی کرداری ئەو کەسانەن کە جێبەجێ کەری ئەو بریارو ڕاسپاردانەن کە بەکردەوە ئەوە بسەلمێنن کە لاو بەشێکە لەم کۆمەڵگایە جیاناکرێتەوە و پێویستە لە شێوەئاوێتەبوونێکی وادا لەگەڵ سەرجەم چینەکانی تری کۆمەڵگا ئاوێتەبکرێنەوە تا چی دی پێویستمان بە بریارو ڕاسپاردەنەبێ بۆ چارەسەرکردن و لێپێچینەوە لە گرفتێک کە بوونی ئەو گرفتە نەهێڵین ...

دەسەڵات وەک دەزگایەت ئەگەر چ دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێ کردن و دادگایی دا بێت دەبێ لاو بەبێ ئەوەی گوێ بەتەمەنی بدرێ واتە هیچ بەربەستێک لەڕێگای ئەوەدا نەبێ کە ئەم بڕپسیاریەتیە دەبێ ئەم تەمەنەبێت گرنگە تەنها چاو لەوەبکرێت کە ئەو کەسەی ئەم پلەیە وەردەگرێت خاوەن ئەم شارەزاییەبێت و ئەم بڕوانامەی هەبێت کە لەم شوێنەدا بەکاردێت . کەواتە لاو بەهەردوو ڕەگەزەکەیەوە ئەو ماوە و مەودایەیی بۆ ڕەخسا کە بتوانێ تواناو لێهاتووی خۆیی بەشێوەیەکی زانستیانە بەکاربێنێت و کۆمەڵگا لەدواکەوتنەوە بەرەو پێشکەوتن بەرێ ... ڕاستە ئەو چەند خاڵەی ئاماژەیان بە بارو دۆخی هەنوکەی لاوان کردوەو هەندێ داکۆکی لەماف و خواستەکانی لاوان دەکات بەڵام هێشتا کەمە دەبێ زۆر ڕاشکاوانەتر خۆیی لەناخی ئەو گرفتانەی لاوان بدات .. چونکە ئەم شێوە گرفتانە لەیەک ئانوو ساتدا چارەسەرناکرێن ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەتێیدا دەژین بەدرێژایی مێژوو بەسەرماندا سەپاوە بەدرێژایی مێژوو زوڵم زۆر لەلاوان دەکرێت و گرفت و ناڕێکی و پەرەوازەیی و کێشەکانی کۆمەڵگا و دەوروبەر کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر ڕەوتی لاوان و شێواندن و گرفت دروست کردن بۆیان دەوری سەرەکی هەبووە و ئێستا زۆر لەو کێشانە بوونەتە کێشەی کۆمەڵگاو لەبارێکی کۆمەڵایەتی دان  و ناتوانرێ دەستکاری بکرێن و زۆر جار دەبنە بابەت لە هێڵە سورەکان و پێویستە باسیان لەسەرنەکرێن .. بۆیە شۆڕشێکی لاوان پێویستە بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگا لە گرنگی ئەم بەشەو کاریگەری باش و خراپی بۆ سەرهەموولایەک ئەو شێوە شۆڕشەش دەبێت لەڕێگای داکۆکی کردن لەسەر مافەکانیان و پێداگرتن لە سەر هەموو ئەو بەشانەی کە پەیوەندیان بەلاوانەوە هەیە تا دەرەنجام لە دەستووری هەرێمی کوردستان لاوان بێ بەش نەبن و ئەوەی دەیانەوێ بەدەست بێت ....

ئەو بڕگانەی ئاماژەیان پێدراوە شتی باشن بەڵام ئەگەر جێ بەجێ بکرێن لەلان دەزگاپەیوەندی دارەکانەوە چونکە گرنگی لەوەدایە ئایا بەرنامەیەکی ڕاست دروست هەیە بۆ لاوان ......؟ ئایا لاوان بەشێوەیە سەیردەکرێن کە خاوەن گرفتن و دەبێ گرفتەکانیان چارەسەربکرێن ..؟ ئایا ئەو پلانانەی کە هەن چین و تاچەند لەگەڵ خواستی لاواندا یەک دەگرنەوە..؟ ڕەخساندنی بوار بۆلاوان تا بەهرەمەندی خیۆیی لە خزمەت نیشتمانەکەی بخاتە گەڕ لەو ئاستی پێویستەدا دەبێت ..؟

لاوی کورد ئەمڕۆ بەترسەوە لەهەموو بەڵێنێک دەڕوانێت و هەست دەکات کەئەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ بەدەستیانەوە دەناڵێت و بەشێکن لەم کۆمەڵگایە بەچەند خاڵێکی دەستوور کۆتاییان پێنایێت , لەوانەیە کەمێک لەو گرفتانە کەم بکەنەوە بەڵام  سەرجەم گرفتەکان چارەسەرنابن ,  ئەمەیان پێویستی بەنیشانەی پرسیارهەیە ..........؟

بەڵام هەرلاوێک بەهیوایە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی بەهەوڵ و کۆششی هەموو لایەک دەزگا پەروەردەییەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و ڕۆشنبیری و هونەری و زانسنتی و مەدەنیەکان و جەماوەریەکانیش شان بەشانی یاساکان و ئەوانەی ئەم یاسایە بەکردار دەسەلمێنن و جێ بەجێ ی دەکەن چارەسەربکرێن ... لاوان لەژیانی نامۆبوون لەو هەست کردن بەکەموو کوڕیە ڕزگاربکرێت , لاوان دەبێ هەستێکی وایان پێببەخشرێت کە دەبێ کۆشش بکەن , ئەگەر خوێندن بێت یان کارکردن بەڵام کاتێک ئەم هەستە بەچۆش دەبێت کە ئەو لاوە لەوپەڕی بڕوادابێت کە کۆتایی بەخوێندن هێنا بەو شێوەیی کە شارەزایی هەیە و دەتوانێ کاربکات خێراکاری دەدرێتێ یان ئەو لاوەی کە بێکارە و لەم ڕۆژگارەدا توانای خۆێندنی نەبووە کارێک هەبێت کە بتوانێ لەڕێگای ئەو کارەوە ژیانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیی دروست بکات .. کاتێک گرفتی لاوان چارەسەردەبێت دەزگا پەروەردەییەکان بەپلان و یاسایی داڕێژراوە کاربکەن و پلانەکانیان ئایندەیی بن و لەدواڕۆژ بڕوانن بۆ ئەوەی دوای چەند ساڵێک یان نەوەیەکی داهاتووی نزیکدا ئەم گرفتانە بەکۆتاهاتبن و دووبارە لەسەریان نەدوێنەوە بۆ خوازیارین کە خەونە پاشەڕۆژیەکانی لاوان بەڕوناکی و گەشبینیەوەلە ئایندەیەکی نزیک دا ببینینەوە ....